# کۆمەڵگای چینایەتی کوردستان
# پێویستی بەحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەیە!

**نوری بەشیر**

کوردستان وەك هەموو کۆمەڵگایەکی تری سەرمایەداری، کۆمەڵکایەکی چینایەتیە، لەچینی جیاواز بەبەرژەوەندی و تێروانینی جیاوازەوە لەمەیداندا مەوجودن، پێکدێت، بەهەمان شێوە هەر چینە بزوتنەوەی جیاوازی خۆی هەیە و حیزبی چینایەتی خۆی کەهەڵگرو نوێنەرەوەی بەرژەوەندی چینی تایبەتی خۆی دەکات پێکدێنیت، کەئەو حیزبە لەدەسەلاتدا بێت یان لەئۆپۆزسیۆندا ڕابەرو نوێنەرەوەی بەرژەوەندیەکانی ڕۆژ و ئایندەی ئەو چینە دەبێت.

لێرەوە زەرورەتی پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، خۆی فەرز دەکات کەجێگاکەی بەخاڵی لەکۆمەڵگای کوردستاندا چەندە دیارە، حیزبێك کەنوێنەرەوەی بەرژەوەندیەکانی چینی کرێکارو هەموو مەحرومانی کۆمەڵ دەکات، حیزبێك بەمەوجود نەبونی جێگاکەی لای زۆربەی زۆری خەڵکانی کۆمەڵگا بەگشتی و چینی کرێکار بەتایبەتی دەبینرێ و هەستی پێدەکرێ، وە هەلومەرجی واقعی و مەوزوعی کۆمەڵگای کوردستان لە16 ساڵی رابردودا هێندەی تر ئەو زەرورەتەی سەپاندوە. هەلومەرجێگ کەکۆمەڵگای خستۆتە بەردەم ئایندەیەکی زۆر تاریکەوە، تائەوەی بەچینی بۆرژوازی و بزوتنەوە جۆراوجۆرەکانی لەقەومی و عەشایەری و ئیسلامی دەگەرێتەوە، دەسەلاتدارن و سایەیان بەسەر کۆمەڵگادا کردوە و خۆیان سەپاندوە، خۆیان بەسیاسەتی ئەمریکاو قازانج و بەرژەوەندی ئەوەوە گرێداوە، هەررۆژەی نۆکەری بۆ دەڵەتێکی ناوچەکە دەکەن، نەخۆیان بەدیلیان هەیە نەدەزانن چارەنوسی کۆمەڵگا بەرەوکوێ دەچێ، ئەوەی لەو نێوەدا ڕۆشنە ئەوەیە زیاتر قازانجی خۆیان وادەخوازێ کەشەریکە بەشی دەسەلات بن لەعیراقدا، بەهەرنرخێك بوە بەرژەوەندیەکانی  خۆیان بپارێزن لەسەر حسابی خەڵکی کوردستان، ئەوەش چەندە لەسەر خەڵك دەکەوێت بۆیان گرنگ نیە، بۆ ئەوان هەر دەوڵەتێك و هەر حیزبێك لەعیراقدا دێتە سەردەسەلات گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە تاچەند ئەمان لەکورسی دەسەلاتدا دەهێڵێتەوە و تاچەندە بەرژەوەندیەکانی ئەمان دەپارێزرێ.

حیزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی وەك دەبینرێ بەدروشمی جۆراوجۆرەوە دێنەمەیدان کەهیچ شتێك نین تەنها نوینەرایەتی کردنی بەرژەوەندی کەمایەتیەکی کۆمەڵ لەبۆژوازی سەرمایەداران و عەشایەرو ئاغاکان نەبێت، بەرژەوەندی چەند ملیاردیر و سەد ملیۆنێریك و خاوەنداریتی شاری خەونەکان و بەرژوەندی چەندین مەسولینی حیزبەکانە، لەدرێژەی 16 ساڵی دەسەلاتی بیرەقیبیاندا ئەمەیان بەباشی بۆ خەڵکی کوردستان سەلماندوە، ئەوانە بۆخەڵکی کوردستان رۆشنە، کەتەقەیان لەخەڵکی شاری هەڵەبجەکرد، کرێکارانی کارگەی تاسلوجەیان خەڵتانی خوێن کرد، نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان بۆ ئاوو کارەباو سوتەمەنی بەئاژاوەگێڕو دەستیان لەپشتەوە هەیە تاوانبارکرد، لوت و گوێی ژنان دەبرریت و دەسوتێنرێن، هەلومەرجێکیان بۆ لاوان و کۆمەڵکا دروستکردوە خەڵك سەری خۆی هەڵدەگرێت بەرەو رێگای نادیار.

هەموو ئەوانە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە ئامادەیی و لەمەیداندا بونی چینی کریکاری کوردستان و نارەزایەتیەکانیان، بۆ دیفاع لەبەرژەوەندی و خواستەکانیان، نارەزایەتیەکی سەرتاسەری خەڵکی کوردستان لەمامۆستایان و قوتابیان و ژنان و کارمەندان و لاوان و تادەگاتە نارەزایەتی منالان، یەك حەقیقەتە کەکەلێنێکی هێندە گەورە لەنیوان خەڵك و ئەحزابی قەومی کوردی و دەسەلاتیاندا دروستبوە، کەقابیلی نزیکبونەوە نیە، بۆ خەڵکی ودنیاش هێندە رۆشنە کەسەرجەم ئەو حیزبانە بەقەومی و ئیسلامی و عەشایەریەوە هەر بەرگێك لەبەرکەن و هەر گۆرانکاریەك لەخۆیاندا بەدی بێنن هەر بەقازانجی کەمایەتیەکی بچوکەو بەدژی خواستی ملیۆنی خەڵکی کوردستانە، بەدژی شەپۆلی نارەزایەتی خەڵك کاردەکەن، بەپیچەوانەی ریگاچارەو چارەنوسی خەڵکی کوردستان بۆدەرچون لەبێئاسۆیەك کەکۆمەڵگایان تیاراگرتوە دەجولێنەوە، بەلام ئەوەی کەوونە لەونیوەدا بۆ خودی چینی کریکارو سەرجەم کۆمەلانی خەڵك لەکوستاندا حیزب و رابەیەکی سەرتاسەریە لەکوردستان، کەئەو بزوتنەوەیە و ئەو نارەزایەتیانە ریکخات و رابەری بکات بەقازانجی خەڵکی کوردستان.

ئالێرەوە زەرورەتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، وەك رابەرو نوێنەرەوەی بەژەوەندیەکانی زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان زیاتر خۆی دەردەخات، حیزبێك کەبەرۆشنی نەخشەی ئایندەی کۆمەڵگایەکی یەکسان و ئازادو خۆشگوزەران دادەرێژێ و دەیخاتەبەردەم کۆمەڵگا، حیزبێك کەرێگای رزگاری یەکجاری کۆمەڵکای کوردستان کەسۆسیالیزمە وەك تاکە رێگاچارەی ئینسانی مەترەح دەکات و کاری بۆ دەکات، هەروەها کاردەکات کەکوردستان لەبێئاسۆیی و سەرگەردانی دەرکێشێت و نەخشەکاری بۆی هەیە، حیزبێك کاردەکات بۆ پێداویستیە رۆژانەییەکانی خەڵك و فەراهەم کردنی مافەسەرەتاییەکانی ئینسانەکانی ئەو کۆمەڵگایە. حیزبێك کەنوینەرایەتی رادیکالیزم و مەدەنیەتی کۆمەڵگا دەکات، حزبێکی ئاوا نەبونی بەرۆشنی لەژیان و وەزعیەتی خەڵکی بەگشتی لەکرێکاران و ژنان و لاوان و مامۆستایان و منالانی دلپڕلەهیوا بەدیدەکرێت، زەرورەتی ئاوا حزبێك لەهەموو کات زیاتر کۆمەڵگای کوردستان داوای دەکات، وە ئەمەش پیش هەموو لایەك ئەرکی بزوتنەوەی کۆمۆنیزی کرێکاریو چەپە، بەدوایدا هەموو کەسانی عەلمانی و رەخنەگر لەئەحزاب و دەسەلاتداریتی ئەمرۆ، وە خوازیاری کۆمەڵگایەکی مەدەنی و خۆشگوزەران و ئارام بۆ خەڵکن، وە رەخنەی سەرتاپاگیریان لەکۆمەڵگای ئەمرۆو دەسەلاتداریەتی بۆرژوازی و سەرمایەدارن و حیزەبەکانیانە، زەرورە قۆڵی لێهەڵکەن و بێینە ریزی کۆمۆنیست و چەپەکان و ئەم حیزبە پێکبهێنین، ناکرێ خوازیاری ژایانێکی باشتر بن بۆ خۆتان و خەڵکی و بەلام هەر بەمانەوەی ئەو حیزبانە رازی بن کەکۆمەڵگایان توشی گەندەڵی کردوە، ناکری هەوڵ بدەن کەکوردستان لەو سەرگەردانیە نەجاتی ببێت بەلام ریگە بەمانەوەو دەسەلاتی ئەو حیزبانە بدرێ کەکوردستان پەلکێش دەکەوە بۆ باوەشی رژێمیکی قەومی عەرەبی ئیسلامی کەخەلکی کوردستان بەدەرەجەدوییی رادەگرێ، ناکرێ بتانەوێت کۆمەلگایەکی ئازادو بەرابەرو خۆشگوزەران دامەزرێت، بەلام کاری بۆ نەکرێت و ئامرازو وەسیلەی ئەو کارە بەوجونەهێنریت، بەو دەلیلانە کۆمەڵگای کوردستان ئەبیت گۆرانگاریەکی ریشەیی بەسەردا بێت بەقازانجی خەڵکی کورستان، رەنگە بۆ ئەو کارە فرسەتێکی

زۆرمان لەبەردەمدا نەمابێت، ئەوفرسەتەش بەحیزبێکی کە، ریکخستنیکی کە، تەرح و پشنیارو رێگاچارەیەکی کەدەکرێت و سەردەکەوێت، ئەویش حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستانە، کەتاکە ئامرازو وەسیلەی ئەو گۆرنگاریە نوێیەیە.

بزوتنەوەیەکی ئاوا لەکۆمەلگادا کە بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کریکاری و چەپە، ماتریالی ئینسانی ئەو بزوتنەوەیە کەچینی کرێکاری و فعالینی کۆمۆنیست و ریزی ملیۆنی نارازی و مەحرومی کۆمەلگایە مەوجودن، کەبزوتنەوەی ئەمان، داواو خواستی ئەمان و لەمەیدان بونیاندا پێشینەی هەیە، پێشینەی فعالینی سیٚ دەیەی ڕابردوی بزوتنەوەی چەپ بەدژی رژێمی بۆرژوا قەومی عەرەبی دڕندەی بەعس، پیشینەی دابرانی ئەو بزوتنەوە چەپ و کۆمۆنیستیەیە، لەناسیونالیزمی کوردو بزوتنەوەو سیاسەتەکەی، ڕابردویەکی نزیکی بەشداری کردنی جدی ئەو بزوتنەوەیە چەپ و رادیکالەی ئەمرۆ لەدروستکردنی کۆمیتەکانی راپەرین، لە بەهاری 1991 و پاکردنەوەی کوردستان لەهیزەکانی رژێمی دکتاتۆری بەعس، دروستکردنی شوراکان وەك هینانە مەیدانی هیزو ئیرادەی خەڵکی کوردستان، بەدوایدا خۆرێککخستنی ئەو بزوتنەوە رادیکالو ئینسانیە لەحیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و کارکردنی لەئاستی سەرتاسەری و لەئاستی کوردستاندا، وە لەپیشەوەی دیفاع لەمەدەنیەت و رادیکالیزی کۆمەڵگاو ریگاچارەو بەرگری لەریفراندۆم و خواستی جیابونەوەی کورستان و پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆ، بەدیفاع لەمەسەلەکانی لاوان و قوتابیان و ژنان، هەر بەو دەلیلانە دەکرێت هەر ئیستا حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان پیکبهێنریت،  وە بەجیا لەو هەلومەرجە مەوزوعیە کە هیچ کەسێك ناتوانێت حاشای لێبکات، کۆمەڵگای کوردستان رێزێکی فراوان لە کۆمۆنیستەکان و چەپەکانی تێدایە بەتەصیم گرتن و هاتنە مەیدانێان دەتوانن فەورن حیزبیکی لەوجۆرە پیکبهینن و کوردستان لەوسەرگەردانیە دەرکێشن و گۆرانکاری گەورە بەوجود بێنن کەتیایدا لەباتی کەمایەتیەك، ریزی ملیۆنی خەڵکی کوردستان لێی بەهەرمەند دەبن و دەتوانن کۆمەڵگایەکی ئازادو یەکسانی شیاوی ئینسان دامەزرێنن.